www.kurdistannet.org
12-2-2003 0:31

# وته بەنرخەکانی ئیسماعیل بێشکچی

چرۆ زەند

Canada
1939

لە شارۆچکەی تێسکلیپ سەر بە شاری چرۆم پرۆفیسۆری کۆمەڵناسی تورک، ئیسماعیل بێشکچی هاتوەتە ناو جیهانەوە. دەقی گوتەکەی، لەنوسراوەی 39 گوللەدا-ل-8 ر. ئاسۆس-هەردی-چاپخانەی دەزگای سەردەم، دەڵی کێشەی کوردستان بە پەیماننامەی ساڵانی-1915-1916 سەر هەڵدەدات بەشۆرشی شەفیک-25 ئوکتۆبەر - 1917رەهەندێکی نوێی وەرگرت. ئەندازیارانی ئەم سیاسەتە، ئەو نەخشەیە، ئیمپریالیزمی ئینگلیز و فەرانسا و هاوڕاکارانی بوو، لە خاوەری میانەدا، کەمالیزم و رەزا شاه بوون. دەرئەنجام ئەم سیاسەتانە، کوردستان لە ناوجەرگەی خاوەری سیانەدا کرا بە 5 کەرتەوە، و هەر بەشەی لکێندرا بە دەوڵەتێکەوە بنیادی ئابوری و فاکتەری رامیاری و سەربازی بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی ئیمپریالیزم دارێژران بەمەبەستی پاراستنی پایەگا وبنەما وپایەی کۆنتراکتەر بە هێزەکان وکۆنتراکتەرە گچکەکان
(Sub-contractors)

هەر بزاڤێکی رزگاریخوازی کورد، لە ژێرهەر دروشم و ئارم ومایەیەکدا بێت، هەر سیفەت وپەسەندیەکی هەبێت، پێناسە و ئارمی سەرانی ئەو بزاڤە هەرچییەک بێت، هەر ناونیشانێکی هەبێت ئەم کارە خەنجەرێکی تیژە و ئاراستەی سەردڵی ئیمپریالیزم و هاوکارانیەتی و، کرۆکی دژی هەموویان. کوردستان کۆلۆنیەکی هاوبەشی نێوان 5 دەوڵەتەئیمپریالیزمە داگیرکەرەکانە، هاوکاری زلهێزەکانن و، کۆلۆنییەکی کلاسیکی نییە. جوداکاری و جیاوازی هەیە لە بارەی چۆنایەتیدا کۆلۆنی کلاسیکی وەکو نەیار و گەنجینەی کەرەستەی خاو و بازاڕ بەکاردێت، نکۆڵی لە ناسنامە و پێناسەی نەتەوایەتی ناکات دژی ناسنامەی نەتەوایەتی نییە و نایسرێتەوە. بەڵام کوردستان کۆڵنیەکی کلاسیکی نییە، بار و دۆخو هەلو مەرجی زۆر لەخوار کۆڵنی کلاسیکییەوەیە. کۆڵونی کلاسیکی، رەگەزنامە و ولاتنامە ناگۆڕێت، ناکرێن بە نەتەوەیەکی تر، بە ئینگلیز یا بە فەرەنسی وعەرەب سازکردن وەکو لە عێراقی دروستکراودا، دەکرێت. بەڵام کوردستان کەرتی باکووری تورکە و خاوەری فارس ولە عێراق و سوورییە. لە ناو عەرەبدان و، بە عەرەب دادەنرێن هەر هەموو توانای ئەم دەوڵەتانە خراونەتە گڕ بەمەبەستی سڕینەوەی رەگەزنامەی نەتەوایەتی گەلی کورد. زەبری خەباتی ئەم گەلە قارەمانەخۆگرە پشتی بەچیاوە ئەم بارەی ئێستای راگرتووە، لە سەر زەوی خلیسک سیاسەتی کەرتکە و زاڵبە، سیاسەتێکی یەکجار سەرەکی دەوڵەتە-کۆلۆنیالیەکان بۆ دویژەپێدان بار و دۆخی کۆلۆنی سیاسی دەوڵەتە هاوکارەکانیانە. کلاسیکی زمان وکەلتور و فەرهەنگ و سیمای نەتەوایەتی ولاتی کۆلۆنیکراو لە ناو نابات، بەڵکو یارمەتی وکۆمەکی گەشەکردنی دەدات، بە پیێ بناغەی بەرژەوەندی بازرگانی خۆی و فرەوانکردنی بازاڕی و فرۆشتنی بەرهەمەکانی، هاندەر و یارمەتی دەرە، رێگا لە پەرەسەندن ناگرێت. وێرای هاو ئاینی کورد و داگیرکەرانی، باری سیاسی و پۆلاتیکی ئەم

نەتەوە داماوە ستەمدیدەیەی زۆر قورس کراوە، وەکو چەکی هۆشیاری نەتەوەیی، هێشتنەوەی تەوقی کۆیلایەتیلە لە گەردن و ئەستۆی میللەتی کورددایە.

---

**تێبینی کوردستان نێت**:
مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... 2003-1-15